mict

media in cooperation and
transition gGmbH

marienburger straße 1
10405 berlin, germany
mict-international.org

p +49 30 447 35 425
f +49 30 690 88 390
info@mict-international.org

managing director: klaas glenewinkel
mict is a german non-profit organization
registered HRB 104 211
amtsgericht charlottenburg berlin
VAT id-no DE 254 409 677

bank für sozialwirtschaft AG
bank sort code 100 205 00
account no 10 85 600
BIC BFSWDE33BER
IBAN DE37 1002 0500 0001 0856 00

# پڕۆژەی ئەڵمانی-عێراقیی لەپێناو ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ.. "تۆڕی ڕوماڵکردنی هەڵبژاردن"ی عێراق ئەمڕۆ دەستی پێکرد

*پڕۆژەکە بەسەرپەرشتی MICTو بودجەو هاوکاری یونامی جێبەجێدەکرێت*

"تۆڕی ڕوماڵکردنی هەڵبژاردن"، پڕۆژەیەکە بۆ بەڕۆشنبیرکردنو وشیارکردنەوەی دەنگدەر لەئاست هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە لەکانونی دوەمی 2010دا بەڕێوەدەچێت. لەچوارچێوەی ئەم پڕۆژەیەدا کۆمەڵێك لەڕۆژنامەنوسان لەسەرانسەری عێراقەوە، بەهاوکاری ژماریەك هەواڵسازی ئەڵمانیو عێراقی کە لەگەڵ ڕێکخراوی "ڕاگەیاندن لەڕێی هاوکاریو گۆڕان "(MICT) کاردەکەن، هەڵدەستن بەبەرهەمهێنانی چاوپێکەوتنو ڕاپۆرتی ڕادیۆییو کۆکردنەوەی زانیاری ورد لەبارەی پرسی هەڵبژاردن.

بودجەی ئەم پڕۆژەیە لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یۆنامی) دابینکراوەو مەبەستییەتی زانیاری بێلایەن لەبارەی حیزبەکانەوە بۆ گەلی عێراقی دابین بکات، ئەمە جگە لەوردەکاری تایبەت بەپڕۆسەی دەنگدان. بەرهەمەکانی ئەم پڕۆژەیەش کە بەهەردوو زمانی عەرەبیو کوردی بڵاودەکرێنەوە، دەتواندرێت لەڕێی کۆمەڵی کەناڵی ڕادیۆیی کە پەخشیان لەسەر هەردوو شەپۆلی (FM و AM) گوێی لێبگیرێت، ئەمە جگە لەوەی لەبەردەستی سەرجەم بیسەرانیشدایە لەسەرانسەری جیهاندا لەڕێی پێگەی ئەلکترۆنی www.niqash.org/iraqvotes .

ڕاپۆرتە ڕادیۆییەکان چەندین تەوەری گرنگ لەخۆدەگرن، هەر لەدەنگی شەقامی عێراقییەوە تاکو شیکردنەوەی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی هەڵبژاردنو زانیاری سەرەکی لەبارەی حیزبو کاندیدەکانو وردەکاری تەکنیکی لەبارەی چۆنێتی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی هەڵبژاردنو ئەنجامەکانی، ئەمە جگە لەچاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی گشتی. ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنوسییەکانیش پابەند دەبەن بەبنەما سەرەکییەکانی ڕۆژنامەوانیو بەپێی نوسراوی کاری پیشەییانەی تایبەت بەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی عێراق دادەڕێژرێن.

سەرەکیترین ڕوبەڕوبونەوەمان لەم پڕۆژەیەدا بریتییە لەپتەکردنی کاری پیشەیی ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ، بەپێی بنەماکانی نەزاهەتو ڕاستگۆییو ڕاپۆرتی هاوسەنگ، تاکو ببنە ڕێگەخۆشکەر

لەبەردەم دەنگدەری عێراقی کە بتوانێت ببێتە خاوەنی تێروانینێکی رەخنەگرانە لەسەر حیزب‌و کاندیدەکان.

رادیۆ بەشداربوەکانی ئەم پرۆژەیەش بریتین لە: رادیۆ بابا گورگور- کەرکوك، رادیۆ دیجلە- سلێمانی، رادیۆ ئەلیەوم- بەغدا، رادیۆ ئەلرەوزە ئەلحوسێنییە- کەربەلا، رادیۆ ئەلدیوانییە- دیوانییە، رادیۆ ئەلنەهرین- واست، رادیۆ ئەلمربد- بەسرە، رادیۆ دار ئەلسەلام- بەغدا، رادیۆ بابل- حلە، رادیۆی دەنگی کوردستان- هەولێر.

جێ ئاماژەپێدانە بەپێی بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 1770، لەئەرکی نێردەی نەتەوەیەککرتووەکان (یۆنامی)دایە کە پاڵپشتی‌و یارمەتی پێشکەش بەحکومەتی عێراقی بکات لەبوارەکانی پەیوەست بەگەشەپێدانی میکانیزمی بەرێوەچوونی هەڵبژاردن‌و ریفراندۆم. نێردەی ناوبراویش بەفعلی کاری لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد بەمەبەستی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق تاکو ببێتە خاوەنی میسداقییەت‌و جێی رەزامەندی گەلی عێراقی.

لەلایەن خۆشییەوە، رێکخراوی "راگەیاندن لەرێی هاوکاری‌و گۆران "(MICT) کە رێکخراوێکی ناحکومییەو بارەگاکەی لەبەرلینی پایتەختی ئەڵمانیادایە، لەساڵی 2004وە تاکو ئێستا بەردەوام هەوڵی رومالْکردنی گۆرانکارییە سیاسی‌و ئابوری‌و رۆشنبیرییەکانی عێراقی داوە، ئەمە جگە لەچالاکییەکانی لەبارەی مەشقپێکردنی رۆژنامەنوسان‌و بەرهەمهێنەرانی بواری راگەیاندو گەشەپێدان‌و بەرهەمهێنانی بەرنامەی رادیۆیی‌و فیلم‌و کتێب، هەروەها چاودێریکردنی ئاست‌و توانای دەزگاکانی راگەیاند. لەسەرو هەمو ئەمانەشەوە، توری پەیامنێرو پسپۆرەکانی لەعێراقدا هەستاون بەرۆمالْکردنی چرو پوختی هەردوو پرۆسەی هەڵبژاردنی ساڵی 2005و پرۆسەی دەستوریی عێراق‌و هەڵبژاردنی پارێزگاکان.

بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بەبەرێوەبەریMICT، کلاس گلینیفنکل بکەن:

[Klaas@mict-international.org](mailto:Klaas@mict-international.org)

0049 30 44735425 / ++49 151 504 234 55

هینریك ئارنس:

[ahrens@mict-international.org](mailto:ahrens@mict-international.org)

++49 30 40504806 / ++49 176 244 175 48

بۆ زانیاری زیاتریش لەبارەی رێکخراوی "راگەیاندن لەرێی هاوکاری‌و گۆران"(MICT)، سەردانی پێگەی ئەلکترۆنیمان بکەن:

[www.mict-international.org](http://www.mict-international.org)

بۆ گوێگرتن لەراپۆرتەکانمان سەردانی پێگەکەمان بکەن (تەنها بەزمانی عەرەبی):

www.niqash.org/iraqvotes